هەرکەسێک زانستێک فێر ببێت لەو زانستانەی لە پێناو ڕەزامەندی اللە -عز وجل- بەدەست دەهێنرێت، وفێری نابێت تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە شتێک لە شتومەکی دونیای پێدەستبکەوێت؛ ئەوا بۆنی بەهەشت ناکات لە ڕۆژی قیامەتدا

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک زانستێک فێر ببێت لەو زانستانەی لە پێناو ڕەزامەندی اللە -عز وجل- بەدەست دەهێنرێت، وفێری نابێت تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە شتێک لە شتومەکی دونیای پێدەستبکەوێت؛ ئەوا بۆنی بەهەشت ناکات لە ڕۆژی قیامەتدا».

[سەحیح - ڕاست)] [(أبو داود وابن ماجه وأحمد) ڕیوایەتیان کردووە]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە کە هەرکەسێک فێری زانستی شەرعی بێت کە لە بنچینەدا ئەم زانستە لە پێناو ڕەزامەندی اللە -عز وجل- بەدەست دەهێنرێت؛ بەڵام ئەم کەسە فێری دەبێت بۆئەوەی شتێك لە شتومەکەی دونیای پێ دەستبکەوێت وەکو پارە وسامان وناوبانگ، ئەوا بۆنی بەهەشت ناکات لە ڕۆژی قیامەتدا.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/6262